هارمۆنی
www.hamoonart.com
چوارشەممە ٢٠٠٦/٣/١
ژمارە ٧
١٣

# عەبدولحەلیم حافیز..

# خۆشخوانە ئەسمەرەکە

ئامادەکردنی: تارا موحسین



کێ هەیە عەبدولحەلیم حافیز نەناسێت ئەو هونەرمەندەی کە لە شەستەکاندا مێشكو دڵو ویژدانی هەمووانی بەدەنگە بەسۆزو گۆرانییە خۆشەکانی پڕکرد.عەبدولحەلیم خاوەنی دەنگێك بوو پانتایی کەمبوو،بەڵام دەنگێکی پڕ سۆزو گەرمو هەستیار بوو، هەمیشە گوێگر هەستی بە تواندنەوەی ئەو هونەرمەندە دەکرد لەگەڵ ئاوازو ووشەی گۆرانییەکانیدا.

ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٢٩ لە دێی(حەلوات)لە دایکبووە کە دەکەوێتە دووری ٨٥کلم لە باکووری قاهیرە،دایکی لە کاتی لە دایکبوونیدا کۆچی دوایی کردووەو پاش ماوەیەکی کەمیش باوکیشی کۆچی دوایی دەکات، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەهرەو حەزی مۆزیکی تیا دەرکەوتو براکەشی (ئیسماعیل شەبانە) یەکەم کەس بووە کە لە قوتابخانە وانەی مۆزیکی پێ ووتووە، لە ساڵی ١٩٤١دا پەیوەندی کردووە بە پەیمانگای مۆزیکی عەرەبی لە قاهیرەو هەر لەوێوە توانی فێری ژەنینی ئامێری(ئۆبوا)بێت کە هاوشێوەی(کلارنێت)ە.

پاش دەرچوونیشی دەبێتە مامۆستای وانەی موزیك، بەڵام ئەو گەنجە بە هیچ شێوەیەك حەزی بەم کارە نەبووە هەربۆیە پەیوەندی دەکات بە ئۆرکێسترای موزیکی رادیۆی میسرییەوەو بە رێکەوت لەرادیۆیەك پێشبڕکێیەك دەکرێت بۆ گوێگرتن لە بەهرەمەندە دەنگخۆشەکانو یەکێك لە ئەندامانی لیژنەکە زۆر سەرسام دەبێت بە دەنگی عەبدولحەلیم ئەویش(حافیز عەبدولوەهاب)ە کە دواتر عەبدولحەلیم لەخۆشەویستیو پێزانینی بۆ ئەم مامۆستایە ناوی خۆی دەنێت (عەبدولحەلیم حافیز).

یەکەم گۆرانی عەبدولحەلیم(صافینی مرة)ی محەمەد موجییەو بە درێژایی تەمەنی نزیکەی ٣٠٠ گۆرانی وتووەو رۆڵی لە ١٦ فیلمدا بینیوە.بەڵام نەخۆشی هەر زوو زەفەری پێدەباتو لە ١٩٧٧/٣/٣٠ کۆچی دوایی دەکات.لە مانگی ٣ی ئەمساڵەوە ٢٩ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچکردنی ئەم هونەرمەندە کە بە(خۆشخوانە ئەسمەرەکە)ناوبانگی دەرکرد.

سەرباری تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵەش بەسەر کۆچکردنی ئەم هونەرمەندەدا، بەڵام هێشتا سەرچاوەی هەواڵو بابەتێکی دەوڵەمەندە بۆ رۆژنامەنووسان.

عەبدولحەلیمو ئاوازدانەرەکان

هونەرمەند عەبدولحەلیم لەگەڵ زۆرێك لە ئاوازدانەرە بە ناوبانگەکان هاریکاریکردووە،پاش ناوبانگ پەیداکردنیشی زۆربەی ئاوازدانەرەکان شەڕیان بوو لەسەر دانانی ئاواز بۆ ئەم هونەرمەندە،لەو ئاوازدانەرانەی کە لەگەڵ عەبدولحەلیمدا کاریانکردووە(بەلیغ حەمدیو محەمەد عەبدلوەهابو محەمەد موجیو کەمال ئەلتەویل..هتد).بەڵام هیچ کارێکی لەگەڵ هونەرمەندی بە ناوبانگ فەرید ئەترەشدا نەکردووە.

عەبدولحەلیمو شاعیرەکان

عەبدولحەلیم شیعری ٦٤ شاعیری کردووە بە گۆرانی..لە بەناوبانگترینیان عەبدولرەحمان ئەبەنودی، سەلاح جاهین، وەك دوو شاعیری سیاسیو هەروەها شیعری نزار قەبانیو محەمەد حەمزەو حسێن سەیدو ئەمیر عەبدوڵلای فەیسەڵو یەك شیعری دوو برا رەحبانی ووتووە.

هاورێکانی:

عەبدولحەلیم هاوڕێی زۆری هەبوو،چونکە هەمیشە حەزی بە موجامەلەکردن بوو، ئەمە جگە لەوەی زۆر ووردبینو زیرەك بوو. زۆر بە ئاسانی سەرنجی ئەو کەسەی بەلای خۆیدا رادەکێشا کە قسەی لەگەڵدا دەکردو زوو دەچووە دڵی چوار دەورەکەیەوە.لەهەرە نزیکترین هاورێکانیشی ئاوازدانەری بەناوبانگو هاوڕێی لە کاتی خوێندنی لە پەیمانگای مۆزیك کەمال ئەلتەویل،هەروەها مۆزیسیان محەمەد موجیو موفید فەوزی نووسەری رۆژنامەوانیو ئەحمەد فوئاد حەسەن سەرۆکی تیپی ماسی کەهەر لەسەرەتای دەستپێکردنی عەبدولحەلیم بە گۆرانی وتن لەگەڵیدا بوون تا کۆچکردنی لە ساڵی١٩٧٧ دا.

عەبدولحەلیمو ژنهێنان:

هەتا ئەم ساتەو بە شێوەیەکی تەواو ئەوە نەزانراوە کە عەبدولحەلیم بۆ تەنها جارێکیش ژنی هێنابێت،بەڵام قسەوباسێکی زۆر هەیە دەربارەی پرۆسەی بە هاوسەربوونی لەگەڵ سوعاد حوسنیدا.

ئەوەبوو بەم دواییە خێزانی سوعاد حوسنی دانیان نا بەو راستییەدا،ئەویش لە رێگەی ئەو سایتی ئینتەرنێتەوە کە (جانجاه) یخوشکی سوعاد حوسنی بەبۆنەی یادەکەیەوە دایمەزراند،بەمەش ئەو هەموو دەنگۆ و قسەو باسانەی برانەوە کە دەربارەی ئەو بەهاوسەر بوونە دەوترا.لەو سایتەدا باس لەوە کراوە کە خۆشەویستی لە نێوان ئەم دووانەدا لەساڵی ١٩٦٢ەوە دەستی پێکرد، ئەویش لە کاتی ئەو گەشتەدا بوو کە پێکەوە بۆ مەغریب ئەنجامیاندا.(جانجاه) ئەم راستییەشی بە بەڵگەوە پشت راست کردۆتەوە کەیەك لەوانە ئەو گفتوگۆیە بووە کەپاش ٣٠ ساڵ لە کۆچکردنی عەبدولحەلیم لە نێوان سوعاد حوسنیو پزیشكو هاورێکەی لە لەندەن (عیصام عەبدولحەمید)روویداوە ئەویش کاتێك کە لێی پرسیبوو: ئایا دەنگۆی بە هاوسەر بوونەکەت لەگەڵ عەبدولحەلیمدا راستبووە؟



وتوویەتی:بەڵی راستبوو لێی پرسیوە ئەی بۆ شاردتەوە لە وەڵامدا وتویەتی: من بۆیە شاردوومەتەوە چونکە ئەمە ویستی عەبدولحەلیم بووە،من بە عورفی شووم پێکردووەو لە لایەن خۆمەوە هیچ کێشەیەکم نەبووە بۆ ئاشکراکردنی بەهاوسەر بوونەکەمان،بەڵام عەبدولحەلیم داوای کردووە ئەمە بە نهێنی بمێنێتەوە لەبەر دڵی کچە هەوادارەکانی.منیش زۆر تووڕە بووم بەمە هەر لەبەرئەوە منیش لەداخا وتم ئەوە بۆ منیش باشترە بۆئەوەی دڵی کوڕە هەوادارەکانم نەشکێتو کەسیش لەکەس باشتر نییە.

پزیشکەکەشی پرسیاری ئەوەی لێکردووە کە ئایا بۆ پاش مردنی عەبدولحەلیم ئەم راستییەی ئاشکرا نەکردووە؟

لە وەڵامدا وتوویەتی: بۆ ئەوەی کەسوکاری عەبدولحەلیم وانەزانن من بە تەمای میراتی عەبدولحەلیمم.

خۆشخوانە ئەسمەرەکەو سەرەتای دەستپێکردنی نەخۆشی

عەبدولحەلیم تووشی دارزانی جگەر بوو ئەویش بەهۆی نەخۆشی بەلهارزیاوە بوو.هەر ئەمە بووە هۆی مردنی لە ساڵی١٩٧٧دا.پاش ٢٠ ساڵ لە دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە کە هیچ چارەسەرێکی نەبوو لە جەستەی ئەم هونەرمەندەدا عەبدولحەلیم کۆچی دوایی کردو خەمێکی گەورەی بە دوایدا جێهێشتو خەریك بوو ببێتە هۆی مردنی هونەرمەندی گەورە عەبدولوەهابی هاوڕێی، چونکە مردنەکەی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو بوو، لەبەرئەوەی هەمیشە هەواڵی بوونی عەبدولحەلیم لە نەخۆشخانەکانی لەندەن دەبیسترا تا ئەو رادەیەی دەنگۆی ئەوەی بۆ کرا کە گوایا ئەم کارانەی تەنها بۆ ریکلام کردنە بۆ ئەلبوومەکەیو هیچ نەخۆشییەکی نییەو تەنها بۆ راکێشانی سەرنجو خۆشەویستی جەماوەرەکەیەتی..بێئەوەی ئەوە تێبگەن کەبەمکارە چ دڵرەقییەك لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا دەکەن،چونکە ئەو بۆ ئەوە چوو کە لەوێ بمرێت نەك بۆ ریکلامو راکێشانی سەرنج.

لە کۆتاییدا جەنازەکەی ئەم هونەرمەندە زۆر ئەفسانەیی بوو بە شێوەیەك کە لە هەموو ولاتە عەرەبییەکانەوە بەشداری لە ماتەمینەکەیدا کراو چەندین هەواداریشی هەوڵی خۆکوشتنیاندا لەگەڵ بیستنی هەواڵی مردنی هونەرمەندە خۆشەویستەکەیان.

